## پیاو لۆ خوای بڕێ

شوان غەمبار

### خۆ پ ڕانەگیرا

(عەمەدەمین نارنج) ی برادەرم تەڕە فرۆشە، هەموو ڕۆژێ دەچمە کنی و لەلای دادەنیشم، زۆر سوحبەتچی و قسەخۆشە، هەندە باشە کورد گۆتەنی بە قوزەڵقۆرتییەوە دەخوری، ئەوێ ڕۆژێ لەوێ دانیشتبووم، شفتیەکمان کوز کرد، هێدی هێدی دەمانخوارد هەر هەندەمزانی مندارەکی کورتیلەی سەر خڕ پەیدابوو گۆتی: مام عەمەدەمین حەبەکی سەر هێشانمان بدێ، یەکەکی ددان ژان کردنیش، شفتیەکەم لە قورگی عاسێ ما، خۆم پێ ڕانەگیراو گۆتم: دکتۆر عەمەدەمین نەمزانی ئەوە کەنگێ بویە دختۆر، عەمەدمین گۆتی: چ بکەم کاک شوان تازە تووش هاتم! زیاتر سەر سام بووم، گۆتم: تێ ناگەم.. گۆتی: کاکی من لەو وڵاتەی کفرە چاکەکی بکەی، عەیب نەبی کە پێت فێربوون، هەر مەپرسە، (٦) مانگ پێش هەنوکە پیرەژنەک هاتە توکانێ دوو دەسکە کەرەوزی داوا کرد، دیاربوو، زۆر هیلاک بوو ئەمنیش گۆتم: خێرە پیرەژن؟ گۆتی: وەڵا چت لێ بشارمەوە سێ ڕۆژە دەک سەرم دێشی، ئەمنیش برادەرەک دەستەک حەبی لۆ هینابووم (حەیب نەبی) قلەکم دایێ، پیرەژن یەکسەر ڕەنگ و ڕووی هاتەوە بەرێ و فەرقی کرد، پارەی کەرەوزەکانیشی نەدامێ، هەتا ڕۆیی هەر دوعای لۆ دەکردم، ئیدی کاکە لە هەینێکەوە پێم فێربووینە (٦) مانگە ڕۆژێ جارەک دوو جار دێن دەعوای حەبم لێ دەکەن و ئەمنیش ناچارم بیان دەمێ کورد بەلاش نەی گۆتییە، (فێرکەران فێرمەکە، کە فێرت کردن لەبیریان مەکە!.)

سۆران کوردپوور





## سۆران کوردپوور

**لە (ئەڵمانیا)وە تایبەت بۆ گەپ دەینێرێ**





پاشماوەی خەبەر عاجیل

لەسەر بانگێشتی برادەران و بۆ پاشتێلانەی ئەو خەبەرە عاجیلەی لاپەڕە یەک چوینە گەراجی بوک گواستنەوەی شاری قەڵادزە، ئێوەش لەجێی برامن تا نیو سەعات بۆنی ڕەشبەڵەکی لێدەهات، تومەز شایی و زەماوەندێکی خۆش بەڕێوەچووەو درۆم نەکردبێ ئەو تەکسیەی ناویان لێناوە سەباو لەگەڵ ئەو تەکسیەی تردا کە پێی ئێژن عارف پرۆسەی هاوسەرگیریان ئەنجام داوە، نوخشەبێ لە جەمیعی تەکسیە قەیرەکانی تریش.!!



## نوکتەی سەفەری

* لە شەوێکی زۆر ساردو بارانـاویـدا، لـە سەحرایەکدا عارەبێک زۆر سەرمای بوو، ناچار هەستا ئاگرێکی کردەوە، خۆی لەو سارمایە رزگار کرد! وتی: خوایەگیان لەقیامەتیش لەو ئاگرە خۆشە بێ بەشمان نەکەی!!

## خۆت مەشغوڵ بکە.. بەڵام دوای دەوام

ئا: ئوستار رفعت




**دووربێ لە رووتان بە پانی**

١- کچە مەکربازە بەنازەکان دەیکەن – ئیشی سیحربازەکانە.
٢- (ە+یاریەکی ئەختیاراو مەختیارە) - گێژۆکە.
٣- بە قورگی فەقیری بەستەزمانەوە ناوەستێ.
٤- چرۆچاو-پ- .
٥- قەلخۆرەکان وەهای پێدەڵێن.
٦- حەموومان لە بادینان .
٧- سەرگەردان و ماڵوێران –پ-.
٨- غەڵەت بکەی عالەم بۆت ئەکوتێ+ گوێچکە بە قوتکراوی.
٩- عەیب نەبێ (نەرم) بە عەکسەوە –پ- باوبۆران لە سەر وەزنی تۆپان.

**بیلامانێ بە درێژی**

١- بە س لە گەڵ خەفەتا ئەیخۆین – دوو حەرفی تەقیو .
٢- ژمارەیەکەو بەس –پ- عەجایبە وەک یەکن .
٣- خواردنی رەشەوڵاغە- لە سەر لێو.
٤- چەکی عەسری حەجەری بوو .
٥- بە لووت قسان دەکا .
٦- بە بێ دواکەوتن- پ-هەوا بە نیمەچڵێ.
٧- ئاو بە تێکەڵ و پێکەڵێ – غەشاشەکان چاکی لێ دەزانن –پ-.
٨- هەر قابیل بە رۆژی رەشە- رەگەزێکی لەتیفە.
٩- فیسکە فیسکە .




حلی ژمارەی پێشوو
بۆ (سەیوان سعید بکر) دەرچوو

# چێشتی مجێور

## ئـێـرە و ئـەوێ



کەژاڵ ئیسماعیل

**لە(هۆڵەندا)وە تایبەت بۆ گەپ دەینووسێ**

دوعا
30

لەم دنیایە هەر فریای ئەوە ئەکەوی بەدەستە حەبی پاراسیتۆڵ بکڕی و ئاودیویکەی، لەم وولاتە نەگبەتەی ئێمەدا چوارکەسو لەتێ ئەڕژێنە سەرجادە، ئیتر لاچاوی دوان و روبعێکیان ئەکرێ بەقۆغ! جا بەحوکمی تاسەی جادەکانە، یان هی دەسەڵات؟! نازانم! لەو ئەوروپایەش هەزاران کەس بڕژێتە سەرجادە، بەشەرێ خۆیان تێناگەیەنێ ! ئاخر لەچەن ڕۆژێکا سێ ملیۆن بەشەر بڕژێنە سەرجادە سووکە حەشرێکە، لەهەمووی قەباعەتتر ناوێری لەبەرخۆتەوە ئەم مەسەلەیە تاوتوێ بکەی فلق بەبۆڵەبۆڵ ئەیکا بەجادەی خۆڵ !

**بۆڵەبۆڵ:** کچێ باسی جادەی خۆڵ مەکە، ئێستاش ئەو حەساسییەتە لەعنەتییەم لێنەبۆتەوە، ئاودیوی چی ؟ ئەوە شۆفڵ بوو یان حەب ؟ ئەو قۆغ و قەیسییەم پیشتر بیستووە، سەرم لەبەر هەتاو سپی نەکردبێ گۆرانییە ! ئەرێ بەڕاست ئەو مەسەلەی تەققاعودییە چییە ؟

**ورتـەورت:** جەنابت لێت تێکچووە، قۆغ نییە قەیسییە و گۆرانی نییە شلەیە، مەسەلەی تەقاعودییەکەش وەک مەکینەی پارەکەی لای خۆتان ئەقڵی خەڵکەکە لەداخی ئەو دووساڵەی بۆیان ئیزافەکراوە جام بووە، لای ئێمە پێنج ساڵ دوای شەست زیادی کرد و بەشەرێ نوتقی لێنەهات، وا ئەوان کردوویانە بەتۆز لەو فەرەنسایە .

**بۆڵەبۆڵ:** بەزاتی خوا وام ئەزانی هەرلای ئێمە ئەبێ بەقرمە و جادە ئەبێ بە تۆز ! ئەرێ بەڕاست ئەڵێن هەر لەو فەرەنساو مەڕەنسایە حیجاب و نیقاب حیجزی خراوەتە سەر ؟

**ورتـەورت:** واز لەمەسەلەی حیجاب و عیتاب بێنە، ئەڵێن ئەمساڵیش دەهەزار تەلەبەیەک لە جامیعە وەرناگیرێن و قەڵەم و دەفتەریش خرایە قاعیدەی مەبنی مەجهولەوە، هەرچۆن لە بەعزێ مەکتەب تاقیکردنەوە دەستی پێکردووە و هێشتا لە بەعزێ مەکتەب داراو زارا شەڕە کورسییانە لەسەر کتێب !

**بۆڵەبۆڵ:** کچێ ئەوە تۆ باسی چی ئەکەی ئەمە وولاتی موستەحیلاتە، لەوانەیە بلێن ئەو بەستەزمانانە هیچ فێرنەبوون با عەمود بژمێرن! ئەویش وەک تەشکیلی حوکمەتەکەیە، ئەی ئەوە نییە عەلاوی لە هەڵبژاردن بردییەوە نەیانهێشت بچێتە سەرکورسی و هەرچی مەنسولینی ئەو وولاتەیە ئەمەنە سواری کورسی گەندەڵی و فشەکردن بوون بابۆڵەی دۆلار ئیستیفراق ئەکەن و قڕقێنەی درۆ ئەیەنەوە، خوا ئەکا وەزنی کتێب کەم ئەکەن و شان و قۆڵی مناڵەکانمان ئیسراحەت ئەکا .

**ورتەورت:** جا بۆ کتێب هەیە ؟ ئەڵێن لەقەراغ جادەکان وەک خۆڵ وایە و لەمەکتەبەکانیش وەک دەرمانی چاوە! خوا پێمنەگرێ ئەترسم ئەوەش تەنسیقێکی تیابێ، وەک جەنابتان ئەبۆڵێنن: عالەمەکە بووە بە گۆچان، هەرکەس سەلکێ توری ماڵی پاشا هەڵکەنێ لایەکی حلوش ئەکا!

**بۆڵەبۆڵ:** جا مەسەلەی سیرو تورو پیوازە، چی زۆرە لەبازاردا ئەوە موشتەقاتی چەنەوەرە .

**ورتـەورت:** کوڕە تۆ بۆ ئەمەنە گێژی، ئەڵێی دوعایان لێکردووی، تا بۆگەنی قڕقێنەی جەنابیشت گێژی نەکردووین، دوعایە بێژە و با بلێین ئامیین.

( بۆ خاتری چلوچوار هەزار پێغەمبەران هەرکەس دوعای خێرنەدیوی لیکردن بەدەرزەن حەب بکڕێ و بە قڕقێنەی پیاز و توور کەڕ و کاس و نابووتی بکەی)

بەزمی رۆژ



دووا لاپەڕە



کەریم مودەریس
تایبەت بۆ گەپ دەینوسێ

# عادل ئیمام

ئەلحەق ئەمجارەیان نووکی ماوسەکەم وەک تیژکردنەوەی قەڵەمی جارانی ئیبتیدایی حازرکردبوو، کە خۆتان موباشەرەتەن ئەیزانن و میسالی ئالووسی ناوێ حەو هەشت مانگ لێدوانی بۆ با و لەئەخیریشا یاریی کورسی کورسییەکە هەر هەمان دوو یاریزانەکەی خۆمان بیبەنەوەو حەوت مانگ مراوەغەکەش کەسی نەگەیانە شەبەکەی ماسییەکە..

ئیتر بەم تیژکردنی نووکی قەڵەمە ئەوەم هاتەوە بیر قەڵەم هێندە عەزیز بوو هەر ئەوەنەی مابوو سوێندی پێ بخورێ و کڕین و فرۆشتنی بەشەرع و عورف مەمنووع بوو، بەڵام ئەمڕۆ ئەتوانی هەر بێ منەت بەنووکە قەلەمێ خانووێ، بە دوو نووکە سەیارەێ بکڕێ، وەلێ بەنیازبووم لەسەر ئەم مەسەلەی عەقاری و مەقارییە قسەیێ بکەین، وەک ئەوەی خەڵک بەراز قووت با ئەمما کلکەکەی وەحەرام تێبگا وا مەزەنە ئەکرێ، چونکێکم مقۆمقۆ پەیدابووە کە عەقارییەکە حەرامەو دەستی بۆبەرن دەستتان وەک کابرا ئەسووتی کە لەسەر پیاوەتییەکەشی بایی دووسەوو پەنجاییەک قەرزاریشیان کردەوە، بەڵام ئەوەیان بەلاوە حەڵاڵە تۆ بتوانی بەجوملە عەرز وەربگری و بیفرۆشیتەوە، یان لەم گروپ و مروپی ئەندازیارییە لەجیاتی پیاوی فەقیر پێنج شەش دانە تەسجیل بکەی نەبادا لەویش فەقیر خێرێ لەم وڵاتە ببینێ .

تۆ ببینە ئەگەر ساڵی جارێ خۆت بکەی بەقەیسەری و دوکانی شاردا ئەبێ وەک حورمەتی ئاشکراکردنی ئەسئیلەی ئیمتیحانات دەست وە کون و کەلەبەرەکانتەوە بگری، نەک ئەمە خوایەو گوێی شەیتان کەڕ بێ نەفس نزمێ بۆ نانەوەی بەزمێ، یان بۆ بەرزکردنەوەی خوێشێ، خزمێ لچێکێکی دواوەت هەڵداتەوە.

لەو عانانەی کەسێکی وەک سەدام مەیلی گرتنی شەمس و قەمەر دابووی لەکەللەی، و پاڵەوانێکی وەک قاسماغا ریازەی ئەنتی پەڕەشووتی بەنوێژی نیوەڕۆ بە گەنجانی کورد ئەکرد، رەش و سپی لە دونیای ئیمەومانانا وەک ئەو قەمیسانەی لیهاتبوو کە هەنێ جار کابرای ئوتو تا بۆی ئەکرد غەسل ئەکا سەد سوێند ئەخۆی کراسەکەی تۆ هەر بەلای رەساسیشەوە نەچووە، ئا لەو عانانەدا مەلایەکی میسری لەخوتبەیەکا گوتوبووی، ئیمە پیویستمان بە ئیمامی عادل هەیە نەک عادل ئیمام.

عادل ئیمامیش لەلایەن خۆیەوە هەر لەبەر ئەوەی بەراوردەکەی زۆر هەزەلی و مەعقوول بووە بۆیە لیی قەبوول کردووە، ئەگین ئەو هەموو ماچومووچ و دەسبازییەی کردوویەتی هەمووی بەخەبات لەسەر میسرییەکان تۆمار ئەکرد و شانزە حەڤە قەتعە عەرزی پی وەر ئەگرت.

ئەمما تۆ وەرە بزانە ئەگەر ئەوکات هاتنی ئیمامی عادل هێندە موهیم بووبێ، ئەبێ ئێستا چۆن چۆنی بێت کە تازە بەتازە ئێمە خەریکین دەعوەتی عادل ئیمام ئەکەین و بەپارە خەڵک ئەچی بۆ دیدەنی بەبی ئەوەی نە ئیمام ئاگای لە نویژکەرە و نە ئەوەی تریان ئاگای لەعەدل و عەدالەتە، وەلێ ئەوە هەیە حاڵ هەر وە تەوەکەللی ئەڕوا بەڕێوە، بەو مەعنایەی ئەوەنەی ئەزییەت لەم دونیایەدا ببینی، دە ئەوەنە قەیسەری و دوکانت بەناو ئەکەن لەو دونیادا..!!




دواکاتێر

دواکاتێر